# بۆچی ئەنفالستان لە 4/14 دا دەرنەچوو ؟

پارساڵیش ئەنفالستان لە لەم رۆژەدا دەرنەچوو, بەهۆی دواكەوتنییەوە چەندین پرسیارم روبەرووكرایەوە, بەلاّم ئەوەی زۆر بێزاری دەكردم ئەو وەلاّمە بوو كە دەیگووت: ئەگەر لەوادەی خۆیدا دەرنەچێ تامی چیە؟ زۆر بەداخەوە , خەریكە رۆتین هەموو جموجۆلێكمان كۆنترۆڵ دەكات, ناكرێت 16ی ئازاریان 4/14 بەناوی یادی هەڵەبجەوئەنفالەوە بكەینە دوكانێكورۆژانی دوایی دەرابەكانیان دابدەینەوە, ئەم دیاردەیە زۆر موزەیفەو لەراستیدا نەك یادكردنەوەوخەمخۆری نیە بۆئەویادانەبەڵكو بەئاشكرا دیارە پارە خەرجكردنولەكۆڵ خۆكردنەوەیە, من لە16ی ئازاری ئەمساڵدا هیچم نەنووسی, بەلاّم چەند رۆژێك پاش یادی هەڵەبجە بەناونیشانی ( بە بۆنی سێو دەمانخنكێننوبەگوڵی پلاستیكی دڵخۆشیمان دەدەنەوە) كاتێك ناردم بۆ بلاّوكردنەوە سەرنوسەری بلاّوكراوەكە پێی ووتم : بابەتی ترم بۆبێرە تازە یادی هەڵەبجە بەسەر چوو!! لێتان ناشارمەوە ئەوقسەیە توشی شۆكی كردم, لەكاتێكدا ووتارەكە لەسەر ئەوەبوو كە چیدی وابەستە نەبین بە تەنها رۆژێكی دیاریكراوەوە, بۆیادی ئەنفالیش دەكرێت رۆژێك دیاری بكەین, بەلاّم ناكرێت هەموو هەوڵەكان لەو رۆژەدا چڕبكەینەوەو رۆژانی دوای ئەویش دەست بخەینە ژێر چەناگە, بەتایبەتی كارەساتی ئەنفالوهێرشە دڕندایەتیەكانی بەعس لە كۆتایی مانگی شوباتەوە درێژەی كێشا بۆ سەرەتای مانگی ئەیلولو نزیكەی 200رۆژی خایاندووە, راستە رۆژی 14ی نیسان زۆرترین خەڵكی گەرمیان گیران, بەلاّم بەدرێژایی ئەو چەند مانگەی تر رۆژانە لەناچەكانیترگوندنشینەكان كیمیا باران دەكران, راو دەنرانو دەگیرانو ئازاردەدران, هەرلە شوێنی خۆیان بەبێ دادگایی كردن دەكوژرانو لەكۆپتەر بەردەدرانەخوارەوە, بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم وابەستە نابم بەو یادانەوەو پێشم باشە هەموو ئەوكەسو لایەنانەی دەیانەوێت كاربۆ ئەنفال بكەن دەكرێت ئەگەروەك یادكردنەوەش بێت هەوڵەكانیان دابەش بكەنە سەر ئەو چەند مانگەی كە ئەنفالی تیدا ئەنجامدرا, ئەمە وەك یادباس دەكەم دەنا ئەنفال پێویستی بە لێكۆڵینەوەو لێتوێژینەوەی زانستی هەیە, ئەمەش پتر ئەركی زانكۆكانە, نەك رۆژنامەنوسان, ئەركی پسپۆڕەكانی بواری كۆمەڵناسیودەروناسیو بەعسناسی هەیە, دەنا بۆیادی ئەنفال نەرۆژی دەست پێكردنی هێرشەكان لە جێگەی خۆیدایەتیو نەرۆژی كۆتایی هاتنی, چونكە پێم وانیە تائەم چركە ساتە ئەنفال كۆتایی هاتبێ.

سەرنوسەری ساڵنامەی ئەنفالستان

2005/4/20